www.kurdistannet.org
17:57 18-11-2005بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# تۆپی هەڵبژاردنی ئەمجارەش لە تۆڕەكە دایە!!!! ... هێمن عومەر

ئەوەندە نەماوە هەڵبژاردن دوبارە كۆمەڵگای كوردی لە كوردستانی باشور ڕوو بەڕووی سندوقەكانی دەنگدان بكاتەوە، ئەو میللەتە بۆ چەند بارە بیر لەچارەنوسی خۆی بكاتەوە، ئەو میللەتەی كە رۆژێك لە ژیاندا خێری لە خۆی نەبینیوە بەشی هەر ئازارو ناخۆشی و كوشتن و ڕاكردن و گریان بووە، ئەو میللەتەی كە هەمیشە خەون بە گەیشتن بەئاوات و ئامانجەكانیەوە دەبینێت ئەو میللەتەی كە هەمیشە چاوەڕی ڕۆشتنی ژیان و خۆزگەیەتی بۆ داهاتویەكی باش و خۆشی، ئەگەرچی وا بێمتمانە بووە بۆ چارەنوسی خۆی و كۆمەڵێكی زۆری یاخیە لە دەنگدان و هیچ ئاسۆیەكی نەماوە، لەبەر ئەوەی بەر لەهەر شتێك ئەو دورایيەكانی لێدیارەو دەزانێت ئەو خۆرە هەر هەڵنایەت فرسەتەكانیشی لێ تاریك كراوەو ئێستاكە دەزانێت بەرژەوەندیەكان شوێنی فرسەتەكانیان گرتوەتەوەو ناچار لە كاتە چارەنوس سازەكانیش بێتاقەتەو لێی دادەنیشێت چونكە هەروەك و خۆی وتەنی مانگە شەو سەر لەئێوارە دیارە.

ئەوا ئەمجارەشیان كە هەڵێكی دیكەی گەمەی سیاسیەو دەیەوێت دیموكراتی لە دایك بێت بەڵام هەر لێرەوە دیموكراتیەتی بۆ كرا بە باوكێكی مردوو میراتی بۆ دابەش كرا بەبێ ئەوەی یەك پشكی بەر كەوێت دوبارە بەنێوی هاوپەیمانیەتیەوە دەبێت بیخولێنێتەوە، ئاهەنگی سەركەوتنی بۆ گێردرا، ئەو ئاهەنگەی كە نەیتوانی پێچێك شایی تێدا بكات پرسێكی خۆشی و نا خۆشی پێبكرێت دوبارە هەڵبژاردن بووەوە مسۆگەركردنی كورسی بۆ حیزبەكان و حیزبۆكەكانیان هەر تەنها حیزبێك نەبێت كە هەرچۆنێك بێت هەڵوێستەكەی باشە ئەگەر بۆ كورسی بەركەوتنیش بێت بەڵام لەوە دەچێت دوبارە گەمە سیاسیەكەی دیكە بێت كە جارەكەی دیكە كۆمەڵی ئیسلامی داشەكەی بوو ئەمجارەشیان یەكگرتوی ئیسلامی كە ئەوە خۆی بەمانای هاوپەیمانیەتیەكی ئیسلامییە بۆ تەڵەدانان بۆ كورسی هەر خوا ڕوحم بەو میللەتە بكات و لەو گێژاوی دیموكرات دیكتاتۆرە نەجاتی بدات نەوەك و خوانە خواستە سەدام بۆشێك لە گۆڕەپانەكەدا لەدایك بێت.

ئەوەی كە ئەمجارە ئەو میللەتە پێویستیەتی تاوەك و خۆی لەو نادیموكراتیەتە ڕزگار بكات ئەوە تەنهاو تەنها ئەوەیە كە پێیان بڵێت ئەو هاوپەیمانیە بەمانای نەبوونی چاودێرە تا بەهەوەسی خۆتان بۆ 730 ئەمجارە پڕكەنەوە، ئەگەر نا قوڕەكەی ئەمجارەشمان باش بۆ گیراوەتەوە گەمەی سیاسی دوو حیزبی دەسەڵات زۆر ترسی گەیشتوەتی و زۆر گەرمە بۆیە لەسەرە مەرگی دەنگدانیشا بێت دەیكەنە هەراو هۆسەی ئەوەی كە ئیدارەیان یەكخستۆتەوە ئەمەش بەمانای ئەوەی لەبەر خاتری ئەو میللەتەیەو كەس ورتەی لێوە نەیەت بەڵام هێشتا پرسیاری زۆر لە گۆڕەپانە سیاسیەكە بی وەڵامە ئەوەتا حیزبەكەی كاك غەفور مەخموری نایەتە ناو پڕۆسەكەو كاك غەفوریش لە ڕادیۆی نەوا دەڵێت لەگەڵ ئەوەی بەشدار نین لە هەڵبژاردنەكان بەڵام هەوڵی سەركەوتنی هاوپەیمانی كورد ئەدەین؟؟؟ نازانری تۆپەكە لە قاچی كێیە هەر ئەوەندە نەبێت ئەگەر میللەتیش لە ساحەكە بێتە دەرەوە هەموو گۆڵەكانی بەڵی بۆ هاوپەیمانیەتی كوردستان بەڵی بۆ كورسیە دابەش كراوەكان بەڵی بۆ زەرد بەڵی بۆ سەوز هەموو ئەو شوتانە بەپەنارتی دەسەڵات خۆی لە تۆڕەكەی ئەگرێت پێویست بە نارەزایی ناكات پێویست بەهاتنی میللەت ناكات بۆ دەنگدان.